

# *castanet*

ووشه ی(Castanet)یا ( کاستانێت ) ناوی یەکێکە لە ئنسترومێنتە موزیکییە پێرکەیشنەکان یاخود ( ڕیتمییەکان ) ، ئەم ئنسترومێنتە شێوەیەکی خڕی هەیەو قەبارەکەی نزیکە ی(6سم) دەبێت ،وە لە بەشی سەرەوەیدا بەهۆی پارچە چەرمێکەوە جێگەی گرتنی بۆ درووست کراوە ، ئەم ئنسترومێنتە لە کۆندا لە کانزا درووست کراوە وە دواتر لە تەختە یا داریش درووست کراوە ، بە گشتی ئنسترومێنتەکە لە دوو پارچەی خڕی جووت کراو پێکەوە پێکهاتووە ، کە ئەم دوو پارچەیە بەهۆی پەنجە گەورەو پەنجەی ناوەڕاستەوە دەگیرێت و وە هەر بە هێزی ئەو دوو پەنجەیە دەکێشرێن بە یەکداو دەنگێکی ڕیتمیی نەرمی لێوە پەیدادەبێت . مێژووی سەرهەڵدانی ئنسترومێنتی موزیکیی ( کاستانێت ) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونییە کۆنەکانی میسر ، وە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا ئەم ئنسترومێنتە گەیشتووەتە وولاتانی ئەورووپاو زیاتریش لە لای ( ئیسپانییەکان ) لەتەک سەما میلییە هەمەچەشنەکانیاندا بەکاریان هێناوە .

Muzic-Chrakan
2005